# کامیلیا

## پشیلەیەکی دەوێت

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا



زنجیرەی منداڵی سەردەم

٦٠

**زنجیرەی کتێبی منداڵی سەردەم (٦٠)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**هەڵکەوت عەبدوڵڵا**

www.sardem.info

■ **کامیلیا پشیلەیەکی دەوێت**

نووسینی: نانسی دیلڤۆ - ئالین دو باتینی

بۆ عەرەبی: ماهیر محیو

بابەت: ئەدەبی منداڵ

وەرگێڕان و دیزاینی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

**مافی لەچاپدانی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە ©**



ماوەیەکە کامیلیا پشیلەیەکی دەوێت و ڕۆژانە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە،
باسی دەکات و شەوانەش خەوی پێوە دەبینێ، بەڵام دایک و باوکی ڕازی نین
بە داواکەی، چونکە پشیلە پێویستی بە چاودێری و بایەخدانی زۆرە و ئەوان کاتی
ئەوەیان نییە، هەروەها پشیلە مەترسیدارە بۆ سەمیری برا بچکۆلەی کامیلیا.

کامیلیا دڵتەنگە و زۆر بە پەرۆشە بۆ بەدەستهێنانی بەچکە پشیلەیەک،
تا کاتی خۆش لەگەڵیدا بەسەربەرێت و یاریی لەگەڵ بکات و بیبات بۆ پیاسەکردن.
دایکی پێی وت: «بیر لە شتێکی تر بکەرەوە. سبەینێ دەچین بۆ لای داپیرە و باپیرە،
ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گۆڕینی ڕای خۆت. دەستێکی ناسک، ماچێکی توند و
باوەشێکی گەرم بەسە بۆ ئەوەی ئیتر بیر لە پشیلە نەکەیتەوە.»



ڕۆژەکە، وەک هەموو جارێک،
لای داپیرە و باپیرە خێرا تێپەڕی.







ئێوارە هات و کاتی گەڕانەوە نزیکبۆوە.



کاتی گەڕانەوە باوکی کتوپڕ ئوتومبیلەکەی ڕاگرت.
باوکی وتی: «بڕوانن ئەوە پشیلەیەکە لە قەراغ شەقامەکە.»
دایکی کامیلیا لە ئوتومبیلەکە دابەزی، پشیلەکە لێی نزیکبۆوە،
کە خەمبار و تەنیا دیاربوو! ئەو وتی:
– نابێت وا جێی بهێڵین، چونکە دەبێت بە ژێر ئوتومبیلێکەوە.

دایکی پشیلەکەی هەڵگری و خستییە باوەشی کامیلیا. کامیلیا بە سەرسامییەوە هاواری کرد: «ئەمە بەچکە پشیلەکەی خۆمە.»
دایکی وتی: «نا ئازیزەکەم، ئەو ونبووە! بڕوانە ژمارەی تەلەفوونی خاوەنەکەی کە لەملیدایە. ئەم شەو لای ئێمە دەبێت و بەیانی خاوەنەکەی دێت و دەیباتەوە.





کاتێک گەیشتنەماڵەوە، کامیلیا خێرا گۆشەیەکی بۆ پشیلەکە هێنا.
ئەو وتی: «ناوت دەنێم (پیستاش) و بۆ چەند ڕۆژێک پشیلەی من دەبیت.
دایکە پشیلەکە دەتوانێ لە ژوورەکەی من بخەوێت؟»
دایکی هەستی بە دڵخۆشیی کامیلیا دەکرد و وتی:
– تەنیا ئەم شەو. هیوادارم ئارام بێت.
کامیلیا: «بێگومان، ئەو دەستوبرد دەخەوێت.»

باوکی (پیستاش)ی خستە سەر گۆشەکە لە نزیک پێخەفەکەی کامیلیا و بۆکێکی قوماشیشی بۆ دانا. کامیلیا دڵخۆش بوو، بەڵام بە هۆی ڕۆژە درێژەکەی لە ماڵی داپیرە و باپیرەوە زۆر ماندوو بوو. ئەو تەنیا ئاواتێکی هەبوو: بخەوێت و سبەی ڕۆژێکی خۆشی هەبێت.





کاتێک باوکی گڵۆپەکەی کوژاندەوە،
پشیلەکە کەوتە نرکەنرک و بەو شێوەیە
بەردەوام بوو، بۆیە کامیلیا نەیتوانی بخەوێت.



کامیلیا گڵۆپەکەی داگیرساند و کەوتە
دەستهێنان بەسەریدا، بەڵام بێسوود بوو.
کامیلیا لەبەر ماندوویێتی خەوی لێ کەوت.



کاتێک کامیلیا سەرلەبەیانیی ڕۆژی
دواتر خەبەریبۆوە، بینیی (پیستاش)
بووکە قوماشەکەی بەدەمەوەیە و
لەناو بووکەکاندایە.



ویستی بە پەلە لەسەر پێخەفەکە
بێتە خوارەوە، کەوتە خوارەوە.
دایکی، کە دەهاتە ژورەوە،
لێی پرسی: «چی ڕووی داوە؟»
کامیلیا وتی: «نازانم بۆچی
بیجامەکەم تەڕ بووە؟»



دایکی وتی: « ئەوە بە هۆی میزی (پیستاش)ەوەیە،
چونکە نەیتوانیوە بێتە دەرەوە بۆ میزکردن.»
کامیلیا: «ئەمە قێزەونە! بڕوانە بووکەکەشمی خراپ کردووە.
باشە ورچە لای خۆم بوو و هیچی بەسەر نەهاتووە.»

دایکی وتی: «تۆ دەزانی ئەو بەچکە پشیلەیەکە و حەزی لە یاریکردنە.
وەرە کەرەستەکانی پاککردنەوە ببە بۆ پاککردنەوەی ژوورەکەت.»
کامیلیا: « ئاخ نا، ئەوە قێزەونە.»



دایکی: «تۆ وتت ئەوە پشیلەی خۆتە، بۆیە دەبێت پاشماوەکانی
پاک بکەیتەوە و خۆت بشۆیت. هەروەها پێویستە خواردنی بۆ
دابنێیت و بیبەیت بۆ باخچەکە بۆ پیاسەکردن.»

(پیستاش) بە دڵخۆشی و خێرایی خواردنەکەی خۆی خوارد.
کامیلیا وتی: «چەند جوان و سەرنجڕاکێشە.»
دایکی وتی: «ئەمە ڕاستە، بەڵام وردە وردە گەورە دەبێت و دەبێتە پشیلەیەکی گەورە.
ئێستا بیبەرە دەرەوە، بەڵام وریابە گوڵەکانم خراپ نەکات.»







لە دەرەوە کامیلیا و (پیستاش)
بە دڵخۆشییەوە یارییان دەکرد،
لەناکاودا (پیستاش) بەرەو لای
گوڵەکان ڕای کرد و کەوتە ڕنینەوەی
گوڵەکان و هەڵکۆڵینی زەوییەکە.

کامیلیا هاواری کرد: «نا، بڕوانە
چیت کرد! پێم وتی وریابە.»
بەڵام (پیستاش) گوێی بە قسەکانی
کامیلیا نەدا و بەردەوام بوو لەسەر
ڕنینەوەی گوڵەکان و هەڵکەندنی
زەوییەکە. دایکی وتی:
- چی ڕوودەدات ئازیزەکەم؟



کامیلیا: «هەموو گوڵەکانی خراپکرد، داوای لێبوردن دەکەم. من قسەی بۆ دەکەم،
بەڵام گوێم لێ ناگرێت. پێم وایە ئەو پێویستی بە کەسێکە ئاگای لێی بێ،
منیش هێشتا ئەوەندە گەورە نەبووم تا ئەو کارە بکەم.»

دایکی: «ڕاست دەکەیت کچەکەم،
منیش هەمان ڕام هەیە، بەڵام کاتێک
گەورەتر بوویت، دەتوانین بەچکە
پشیلەیەک بەدەست بهێنی.»
کامیلیا: «بەڵێ، کاتێک گەورەتر
دەبم، پشیلەیەکی بچووکی وەک
(پیستاش)م دەبێت.»
دایکی: «بەهەرحاڵ، خاوەنەکانی
(پیستاش)مان دۆزیوەتەوە،
تۆزێکی تر دێن و دەیبەنەوە.»
کامیلیا: «بێگومان دڵخۆشن
بەوەی دۆزیویانەتەوە!»





پاش کاتژمێرێک کوڕێکی گەورە لەگەڵ دایک و باوکی هاتن.
کوڕەکە: «ئای (سوسو)! چەند بەختەوەرم تۆم دۆزییەوە.
سوپاس بۆ ئێوە کە ئەوتان دۆزیوەتەوە.»
دایکی کامیلیا: «کامیلیای کچم بایەخی پێ داوە و ئاگای لێی بووە.»
کوڕەکە: «کەواتە قوتووە شوکولاتەکە دەدەینە کامیلیا.»
کامیلیا زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی: «دەستان خۆش بێت،
بەڵام جارێ نایکەمەوە، چونکە (سوسو) زۆر نەوسنە.»

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House